




# فڕۆکەیەکی بچووک خاوەنەکەی دەناسێتەوە

سەگ و پشیلە و گیانداری دیکە خاوەنەکانیان کاتێك دەچنە شوێنێك لەگەڵ خۆیان دەیانبەن، ئێستاکە وای لێهاتووە لەبری ئەوانە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی جۆری hover camera passport لەگەڵ خۆیان بۆ بازاڕ و شوێنەکانی دیکە دەبەن..

فڕۆکەی ناوبراو هۆش و زەینی دەستکردی تێدایە بە جۆرێك دەتوانێت روخساری خاوەنەکەی بناسێتەوە، پاش ئەوەی کە روخساری خاوەنەکەی کەوتە ناو زەینی دەستکردەوە، بچێتە هەر شوێنێك و بەهەر خێراییەك بڕوات فڕۆکەکە بە دوای دەکەوێت و فیلمی لێ هەڵدەگرێتەوە.

دوای تەواوبوونی کارەکانی بەکارهێنەرەکەی دەتوانێ بە دەست بیگرێتەوە و یان بەهۆی پرۆگرامێك کە لەسەر مۆبایلەکەی هەیە بیهێنێتە خوارەوە. لە هەمووی گرنگتر دیزاینەکەیەتی، بەکارهێنەر دەتوانێت لە ناوەڕاستەوە بینوشتێنێتەوە تا بە ئاسانی هەڵیبگرێ.



# واکۆم و تەبلێتە تایبەتییەکانی

کۆمپانیای (wacom) لەناسراوترین مارکەی بەرهەمهێنانی تەبلێتی تایبەت بە گرافیك و نەخشەسازییە..بەهۆی قەڵەمێکی تایبەت کە بەمەبەستی نەخشەسازی و کاری گرافیکی سوودی لێدەبیندرێ تەبلێتی مارکەی ناوبراو گەلێك ناسراون، قەڵەمێکی تایبەتی ئەو جۆرە تەبلێتانە کە بە قەڵەمی ستایلۆس Pen Pro 2 ناسراوە کارو ئەرکی دیزاین و نەخشەسازی ئاسان دەکەنەوە. نوێترین قەڵەمی ستایلوس دەتوانێت لە هەشت هەزار جۆر زەخت پشتیوانی بکات تاکو رێکترین و وردترین دیزاین و کاری گرافیکی نەخشەسازی بکات.

تەبلێتێکی نوێ کە لەم جۆرە قەڵەمانە سوود وەردەگرێ تەبلێتی جۆری Intuos pro paperە، کە دەکرێت هەر لەوکاتەی کە تابلۆیەکی شێوەکاری دەکێشیەوە، تابلۆکە بکاتە بە تابلۆیەکی دیجیتالی، نەخشەساز و گرافیکیان پێویست ناکات سکان و کۆپی لە تابلۆکانیان هەڵبگرنەوە، بەڵکو دەتوانن لەو شوێنەی کەکۆمپانیای بۆ خەزنکردنی تابلۆکان لەسەر ئینتەرنێت دایناوە هەڵیبگرن.




# کاسیۆ بەتایبەتمەندی و دیزانینی نوێوە هاتەوە گۆڕێ

کۆمانپای کاسیۆی ژاپۆنی یەکێکە لە ناسراوترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی کاتژمێری دەست، مێژووی کۆمپانیایەکە زیاتر بۆ لە نیو سەدە دەگەڕێتەوە.. کاتێك کاتژمێری دەست کەوتە قۆناغێکی نوێوە و کاتژمێری هۆشمەند بەرهەم هات.. کاسیۆ نەیویست لەم کاروانە جێ بمینێ و کاتژمێری سمارتی جۆری WSD-f20ی بەرهەم هێنا.. دواتر لە پێشانگای سالانەی تەکنەلۆژیای نوێدا ڤێرژنی نوێی ئەم کاتژمێرە خستەڕوو کە بە pro trek wsd-f20 ناسراوە، لە دیزایندا زۆر وەك کاتژمێرەکەی پێشووتر دەچێت.. بەڵام لە کارکردا گۆڕانی بەسەرداهاتووە، سیستەمی ئەندرۆیدی ڤێر ٢ی لەسەرە، بۆ دابەزاندن و هێنانی پرۆگرامەکان پێویستی بە مۆبایل نییە، سیستەمی GPS ناوخۆی هەیە، ئەگەر هێڵی ئینتەرنێتیش نەبێت دەتوانرێ سوودی لێببینرێ. ئاپی loctanion memory لەسەرە دەتوانی مارکت و دەقی نوێ زیاد بکەی..شاشەکەی ئەگەر شەحنی کەم بوو دەتوانرێ ببێتە رەش و سپی بۆ ئەوەی لەکار بەردەوام بێت. لە ناو قوڵایی ٥٠ مەتر ژێر ئاودا تێکناچێت.. جیا لە دۆزینەوەی رێگا و شوێنەکان، بەرزی پێو، ئاراستە نوێن، هەستەوەری دیاریکردنی جوڵە و باترییەکی لەسەرە کە هەتا ٢٠ رۆژ شەحنی دانابەزێت. سیستەمی بلوتوس و وای-فای لەسەرە.






## کامێرای چاودێری و گلۆپی رووناکی بەهێز

کامێرا چاودێرییەکان بۆ کەمکردنەوەی تاوان و ناساندنی تاوانباران رۆڵێکی گەورەیان بینیوە، کێشەیەك کە کامێراکان هەیان بووە ئەوەیە خۆیان رووناکیان نییە بکرێت گرتە ڤیدیۆییەکانیان بەبێ گرفت تۆمار بکەن، بۆیە زۆر جاران بەوهۆیەوە روخساری کەسەکان بە جوانی ناناسرێنەوە..


کۆمپانیای (ring) بەم دواییە کامێرایەکی چاودێری بەرهەم هێناوە بەناوی floodight cam کە دوو گلۆپی رووناك هاوێژی زۆر بەهێزیان لەگەڵدایە. کامێرایەك کە بە کوالیتی HD فیلم هەڵدەگرێتەوەو زەنگی مەترسییەکی لەگەڵدایە کە کورد گوتەنی دەنگی رۆژە رێیەك دەڕوات.. کامێراکە لەگەڵ تۆڕی ئینتە رنێت دەبەسترێتەوە و بەردەوام پەیام بۆ خاوەنەکەی دەنێرێت.. بەکارهێنەرەکەی بەهۆی مایك و سپیکەرێکی تایبەتەوە دەتوانێت لەگەڵ ئەو کەسانە قسە بکات کە لە شوێن و ماڵی ئەو نزیکدەبنەوەو لێیان بپرسیت بە چ هۆکارێك هاتوون..

## ئەڵقەیەکی هۆشمەند بۆ راهێنەری لەشجوانی

ئەنگوستیلە دیجیتالییەکان کە هەرکامیان بۆ مەبەستێکی تایبەت بەرهەم هاتوون، کەلێنێکیان لە جیهانی دیجیتالیدا گرتوە، کۆمپانیای (fitbit) هەولیداوە چەندین ئەڵقەی هۆشمەند بەرهەم بهێنێ کە بەمەبەستی لەشجوانی وکەمکردنەوەی کێش بەرهەم هاتوون.

کۆمپانیای Motivیش هەولیداوە جیاواز لە کۆمپانیای فیت بیت ئەڵقەیەکی تایبەت بەرهەم بێنێ کە وەك باشترین ئەڵقەی تایبەت بە رێنوێنیکردنی لەشجوانی سوودی لێوەردەگیرێت، ئەڵقەکە هەستەوەری لێدانی دڵی تێدایە، هەنگاوەکان دەپێوێ، خەو و کاتە چالاکی رۆژانە دیاری دەکات. بەهۆی کێبڵی USBی و داکێکی تایبەتەوە شەحن دەبێتەوە. دیارە ئەلقەکە لەگەڵ مۆبایلێك پەیوەند دەدرێ و زانیارییەکان دەگوازێتەوە سەر شاشەی مۆبایلەکە، هەروەك ئاماژەکرا هەستەوەری لێدانی دڵی تێدایە و ئەوکاتەی کە پێیوایە بە رادەی پێویست چالاکیت ئەنجامداوە ئاگادارت دەکاتەوە.

کاتێك کە بەکارهێنەرکەی چالاکی بکات ئەڵقەکە گرنگی خۆی دەبێت، پێت دەڵێت کە دەبێت دە هەزار هەنگاو بەرێگادا برۆی یان ئەوەندە چەورییەی جەستەت بسووتێنی، ئەڵقەکە هانت دەدا کە خۆت ماندوو بکەی و جوڵەی زۆرت هەبێت و زانیاری رۆژانەت سەبارەت بە جۆڵە و وەرزش کردن لە پرۆگرامێکدا خەزن دەکات.





## ئامێرێک بۆ هەڵگرتنی گشت پاسۆرد و کۆدە نهێنییەکان

ئێستا بەهۆی بەربەرینی جیهانی ئینتەرنێت و بوونی دەیان تۆڕی کۆمەڵایەتی و سایتەکانی راگری داتاکان و ئەو سایتانەی ژمارە بانکییەکانی تێدا خەزن دەکرێن دەبێ دەیان کۆدی نهێنیت هەبێت.. کەم کەس هەیە ئەو هەموو کۆدە نهێنیانەی بیربمێنێ یان دەبێ لە دەفتەری یادداشتدا تۆماریان بکا یان دەبێ لە کۆمپیوتەر و مۆبایلدا سەیڤیان بکا.

ئامێرێك تەنیا بۆ هەڵگرتنی کۆدە نهێنییەکان بەرهەم هاتووە، ئەو ئامێرەی دەیبینن کە وەك فلاش میمۆری دەچێت QKey دەتوانێت گشت زانیارییە تایبەتییەکانی بۆ کردنەوەی سایتەکان و ژمارە ئۆنلاینیەکان لەخۆیدا هەڵبگرێت، هەرچەندە پرۆگرامگەلێکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتوون، بەڵام ئامێری ناوبراو بەهۆی بچووکی و ئەمنیەتی زیاتر گرنگی تایبەتی هەیە.





## فڵچەی ددانی دیجیتالی ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدا

لەم چەند ساڵەی دواییدا فڵچەی ددان کە ئامێرێکی زۆ رسادە و ساکار بوو، گۆڕانی بەسەرداهات و لەسەرەتادا بوون بە کارەبایی و دواتر بوون بە سمارت و هۆشمەند بە جۆرێك رێنوێنیت دەکەن کە چ بەشێك لە ددان پێویستی بەخاوێنکردنەوەیە یان کاتەکانی ددان شوردن و ماوەی ددان شوردنەکە بەکارهێنەرەکەی رادەگەیەنێ.

فڵچەیەکی د دان بەناوی 3Deep بەرهەم هاتووە کە بۆ خاوێنکردنەوەی ددان تەنیا لە لەرینەوە سوود وەرناگرێ و بەڵکو لە شەپۆلی دەنگی کەڵك وەردەگرێ.. شەپۆلە دەنگییەکان جۆرەکانی باکتری و پیسی سەر مێنای ددان باشتر لادەبەن..

خاڵی جێگای گرنگ لەو فڵچەیەدا ددان بۆ روخسار و پێستیش سوودی لێوەردەگیردرێت و دەکرێت ماساژی پستی رووخساری پێبدەی.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەرێز دەپرسێت هۆکاری چییە بەبێ ئەوەی یاری بکەم یان مۆبایلەکەم زۆر بکەمەوە کە چی زۆر زوو باترییەکەی دادەبەزێت؟**

خوێنەری بەرێز هۆکارەکانی دابەزینی باتری مۆبایل گەلێکن، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبوك، تێلیگرام، ڤایبەر...تاد بکوژی باترین...

نابێت سکرین سەیڤەر واتە وێنەی جوڵاو لەسەر شاشەکە هەبێت، چونکە ئەمەش کێشە دروست دەکات، ئەو کاتژمێرانەی دێنە سەر شاشەی مۆبایل ئەوانیش وزەی باتری لەناو دەبەن..

شاشەی مۆبایل نابێ زۆر روناك بێت چونکە روناکی شاشەش وزەی باتری لەناو دەبات...



## ئامێرێک بۆ نەهێشتنی ستریس و نیگەرانی

ئامێرە تەکنەلۆژیە نوێیەکان بەداخەوە ئەوەندەی ترس و ستریس و نیگەرانیان دروست کردووە ئەوەندە ئارامی و حەسانەوەی مێشکی و رۆحیان نەبووە، کۆمپانیایەکی هەوڵیداوە ئامێرێك بەرهەم بێنێ پێچەوانەی ئەو ئامێرانەی دیکە و بەکارهێنەرەکەی بگەیەنێتە لوتکەی ئارامی...

ئامێری بچووکی ReNu پێکهاتووە لە پرۆگرامێکی مۆبایل، ئامێرێك وەك چاویلکە هۆشمەندەکان و چەند کەرەسەی پەیوەندیدار بەوانەوە، گشت ئەو ئامرازانە پێکەوە شەپۆلێکی دەنگ و رەنگی هاوئاهەنگ لەگەڵ شەپۆلی مێشك، شێوەکانی ئارامیی و لەبواری زانستیەوە ئەزموون دەکەن و بەکارهێنەرەکەی لە ستێرس دووردەخەنەوە.




## پرۆگرامێک بۆ هەڵگرتنی وشەی پەسۆرد

دیسان پەسۆردەکەم لەبیرچۆتەوە، زەحمەت بۆ مێشکت دێنی کە وشە نهێنییەکە چ بووە، چەندین وشە تاقی دەکەیەوە کەچی هیچیان وەڵام نادەنەوە.. چەند سایت دەکەیەوە چەندین ئەکاونتت هەیە بەراست ئەو هەموو پەسۆردە لەبەر ناکرێت. پرۆگرامی Al Roboform یەکێکە لە ئەمنترین پرۆگرامەکانی بیرهێنانەوەی وشە نهێنیەکان کە لە سایتە جۆراوجۆرەکاندا سوودی لێوەردەگری.. پرۆگرامەکە یوزەر نەیم و پەسۆرد لە خۆیدا رادەگرێ هەرکاتێك سەرت لە سایتێك دا ئۆتۆماتیکی ناوی بەکارهێنەر و وشە نهێنیەکە دادەنێ.

جگە لە وشەی نهێنی واتە پەسۆرد فۆرمەکانیش پڕ دەکاتەوە, واتە ئەگەر یەکجار فۆرمێکت پڕ کردەوە ئەوە ئۆتۆماتیکی ئەوانی دیکەش پڕ دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی پەسۆردی نوێت بۆ دادەنێ و بە جۆرێك کە هاککەرەکان نەتوانن بیدۆزنەوە..




## سایتێک بۆ دۆزینەوەی پەسۆردی مۆدێمەکان

مۆدێمەکان هەر لە کۆمپانیای بەرهەمهێنیدا یوزەرنەیم و پەسۆردیان بۆ داندراوە.. بەڵام هی هەر کۆمپانیایەك جیاوازە.. گەر بتهەوێ یوزەرنەیم و پەسۆردی هەر مۆدێمێك بزانی سەر لە سایتی portforward بدە، لەم سایتەدا کۆگایەکی زانیاری لە یوزەرنەیم و پەسۆرد جۆرەکانی مۆدێم وەك ، d-link، tp-link zyxel...ی هەیە.. بە سەردان لەم سایتە شێوازەکانی فێربوونی رێست کردنی پەسۆردەکانی تێدایە.